دانی ئەلقەس لە زیندان کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت

چەند کاتژمێرێک لەمەوبەر هەواڵەکان سەبارەت بە خۆکوشتنی ئەستێرەی بەڕازیلی دانی ئەلقەس، یاریزانی پێشووی بەرشەلۆنە، لەناو زیندان بڵاوبووەوە.

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان ئاشکرایانکردووە، دانی ئەلقەسی بەڕازیلی دوای ئەوەی سزای بەسەردا سەپێنراوە، لە زیندان کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە، بەو پێیەی لە دۆخێکی دەروونی ناتەندروستدا بووە.

ڕۆژنامەنووسی بەڕازیلی پاولۆ ئەلبوکەرکی لە هەژماری فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ”X“ ڕایگەیاند:
ئەو زانیاریانەی پێم گەیشتووە ئەوەیە کە دانیال ئەلقەس کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.
جێی ئاماژەیە تاوەکو ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی ئەم هەواڵەی پشتڕاست نەکردۆتەوە.